پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە لە بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر (کە بەرتیل وەردەگرێت بۆ گۆڕینی) حوکم وبڕیار

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی کردووە لە بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر (کە بەرتیل وەردەگرێت بۆ گۆڕینی) حوکم وبڕیار».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای کردووە بەدوورخستنەوە لەڕەحمەتی خوای گەورە لەسەر ئەوەی بەرتیل دەدات و لەسەر ئەوەی بەرتیل وەردەگرێت. لە خراپترین جۆرەکانی بەرتیلدان ئەوەیە کە دەدرێت بە دادوەران بۆئەوەی حوکم وبڕیار بگۆڕن بەناهەق؛ بۆئەوەی بەرتیلدەر بەئامانجی بگات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64689